# حکومەتی ئەمریکا چۆن لە مەلا مستەفای بارزانی تێگەیشتووە؟



## مەلا مستەفای بارزانی ناوبانگی کەسایەتیی لەهەموو کەسایەتییەکی ئەم نەوەیەی کورد بەهێزترە

## مەلا مستەفای بارزانی چەندین عەشیرەتی کورد یەک دەخات



4

**نەجات حەمید ئەحمەد**

لە ڕاپۆرتێکی دەزگای موخابەرات و توێژینەوەی ئەمریکیدا کە لە ژێر ناونیشانی ((کوردەکانی عێراق دەست دەکەنەوە بە یاخیبوون؟)) کە لە 31ی مانگی 5ی 1972دا نووسراوەتەوە وسەبارەت بە ئەگەری هەڵگیرسانەوەی شەڕی حکومەتی بەغدا لەگەڵ کورددا و ئەم دیکۆمینتە لەلایەن نووسینگەی موخابەرات و توێژینەوەوە نووسراوەتەوە کە ئەم دەزگایەک یەکێکە لە 16بەشی دیکەی موخابەراتی حکومەتی ئەمریکا ئەم ڕاپۆرتە لە ژێر ژمارەی E-4ی پەیوەندیە دەرەکیەکان"دیکۆمێنت لەسەر ئێران و عێراق دایە و بەم شێوەیە باس لە سەرکردەی مێژوویيمان بارزانی و کورد دەکات و لە ساڵی 1965 نووسراوەتەوە و تیایدا هاتووە:

کورد هەر لە دێر زەمانەوە لە ناوچە شاخاویەکاندا دەژین و ژمارەی کورد لەو ناوچانەدا دەگاتە شەش ملیۆن کەس و ئەمڕۆکەش بوونەتە هۆی ئاڵۆز کردنی پەیوەندیی نێوان هەموو ئەو دەوڵەتە تازانەی کە سنوورەکانیان بە یەکەوەیەو کورد تیایاندا دەژین هەروەک دەوڵەتەکانی یەکێتی سۆڤیەت و تورکیاو ئێران و عێراق و سووریا .. کە دێتە سەر ئەم باسە لە ڕاپۆرتەکەدا نووسراوە ((مەلا مستەفای بارزانی دوا سەرکردەیانە خاوەن توانایەو لە هەوڵدایە بۆ یەکخستنی چەندین عەشیرەت لە شێوەی هێزێکی سەربازی ئاسای ڕێک و پێکدا.. سەرەتا لە ساڵی 1940دژی حوکمی پادشایەتی دەستی بە ڕاپەڕین کردو ناچار کرا بچێتە ئێران و پاشان ڕووسیا کە لەوێدا ماوەی 11 ساڵ ژیاو ئەوە فێربوو کە متمانە بە سۆڤیەت نەکات. بۆ ماوەیەکی کەم گەڕایەوە عێراق، پاش شۆڕشی 1958 و لە ساڵی 1961 بووە تاقە سەرکردەی بێ پێشبڕکێکار لە نێو عەشرەتەکانی کورددا. مەلا شەڕێکی پارتیزانیی دەستپێکرد کە لە سەردەمی چوار ڕژێمدا بەردەوام بوو، هەر ئەویش بوو بووە هۆکاری بە پەلە ڕوخاندنی ئەو ڕژێمانە لە ماوەی چوار ساڵی شەڕێکی خەستدا هێزەکانی مەلا مستەفا لەلایەن ئێران و هەندێک لە عێراقیە نارازیەکان، هەروەها لەلایەن چەند دەوڵەتێکی دیکەوەو لە ڕێگەی ئێرانەوە هاوکاری کراون. خەمی ئێران ئەوەیە کەداکۆکی لەخۆی بکات و کاریگەریی ناسر لە سەر دراوسێیەکەی لاواز بکات و هەروەها ڕێگە لەبڵاوبوونەوەی ئاژاوە بگرێت لە نێو کوردەکانی خۆیدا...)) لە پاشاندا ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە هەندێک حکومەتی عەرەبی و سۆڤیێتیش هانی بەعسیان داوە کە بارودۆخی کورد چاک کات بەتایبەتی سۆڤیەت کە بە سووربوونەوە داوای لە عێراق کردوە کە چارەسەریی مەسەلەی کورد بکات وەکو کەمینەیەکی نەتەوەیی و دەوریان هەبووە لە دەرکردنی بەیاننامەی ئاداری 1970 کە کورد پێی ڕازی بوو بەڵام قەتاو قەت جێبەجێ نەکرا. سۆڤیێتیش لەگەڵ عێراقدا لە پەیوەندیەکی دۆستایەتیدایە لە ڕێگەی پەیمانێکی سیاسی و هاوکاریەکی چڕی سەربازی و بەرنامەی تەکنۆلۆژیی نوێوە هاوکاریی عێراق دەکات و هەروەها سۆڤیێتیش گوشارێکی زۆری خستۆتە سەر کورد کە بچێتە بەرەیەکی نیشتیمانیی حکومیەوە کە لەنێوان عێراق و حزبی شیوعی عێراقیدا دامەزراوەو لێرەدا دێتە سەر هەڵوێستی بارزانی و دەنووسێ ((مەلا مستەفا بە دروستی (تەواوی) پێشبینیی ئەوەی کردوە کە ئەو واقیعی ئۆتۆنۆمیە ناوچەیەی کە کورد بە هێزی چەک بە دەستی هێناوە ئەوا (لەم بەرەیەدا) لە دەستی دەچێت گەر بێتو بەم پلانە ڕازی بێت. ئەو لە خەمی ئەوەدایە و لەو باوەڕەشدایە کە حکومەت و سۆڤیێتیش لە پایزی ڕابوردوو لە پشتەوەی هەوڵی تیرۆرکردنی خۆی و کوڕەکەیەوە ئیدریس بارزانی بوون و ئەو بەتەواوی متمانەی بەم دوو لایەنەی ئەم بەرە پێشنیازکراوە نییە.. بارزانی هەروەها ئەوەش دەزانێ کە حکومەت هەوڵی داوە هەندێک لەعەشەرەت بە پارە بکرێ و بە بەرتیلیش هەندێک لە کەسانی دەوروبەری بکرێ و لاوازی بکەن...)).

هەروەها سەبارەت بە بارزانی ڕاپۆرتەکە دەڵێ ((کات لە دژی ئەوەو تەمەنی گەیشتۆتە 69 ساڵ، بەڵام هێشتا هەر بەتواناو بەهێزە)). ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ((بارزانی هاوکاریی دەرەکی دابین کردوەو شەڕێکی دیکەی کورد حکومەتی بەعس کە حکومەتێکی جەماوەری نییە دەڕووخێنێت)) لەگەڵ ئەمەشدا کورد ناتوانێ حکومەتی داهاتووی عێراق پێکبێنێ. بە هێزی و لاوازی و سەقامگیریی ئەو حکومەتە لەسەر سۆڤیەت وەستاوە نەک لەسەر ئەوانەی دێنە سەر حوکم.. لە وەسفی کاریگەریی کەسایەتیی بارزانی لەسەر ناوچەکە ڕاپۆرتەکە دەڵێ: ((بارزانی ناوبانگی کەسایەتیی لە هەموو کەسایەتیەکی ئەم نەوەیەی کورد بەهێزترە)) سەبارەت بە پەیوەندیی کورد بە عەرەبی ناوچەکەوە ئەوە هاتووە لە ڕاپۆرتەکەدا کە کورد دژی پڕۆژەی هاوبەشی کردنی عێراق بووە لە دەوڵەتی یەکگرتووی عەرەبی هەروەک پڕۆژەی یەک گرتنی دژە ناسر لەنێوانی ئوردن و عێراق لە 1958، هەروەها دژی یەکێتیی خاکی عەرەبی بوونە کە ناسر کاری لەسەر دەکردو ڕاپۆرتەکە بە کورتی باس لە سەردەمی قاسم دەکاو دەڵێ کە پاش شۆڕشی 1958 لەگەڵ مەلا مستەفادا ئاگربەستێکی ڕاگەیاندو خۆی و هاوەڵەکانی داوەت کردووە کە بگەڕێنەوەو بە ڕەسمی ڕێزی لە بارزانی ناوە ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە قاسم لە حیساباتی خۆی بە هەڵەدا چوبوو کە نەیدەزانی ((بارزانی هێشتا هەر سومبولی بەرگریی کوردە دژ بە حکومەتی سەنتەر)) و لە پاشاندا قاسم هەوڵی ئەوەی دا کە شەڕێکی ناوخۆیی لەنێو کوردا بخوڵقێنێ و بارزانی توانیی ئاگری ئەم شەڕەی کە لە ساڵی 1960 هەڵگیرسا خامۆش کاتەوە و باری ئابووریی کوردستان لەو سەردەمەدا بناغەکەی دەستووری عێراقی بوو کە لە دوایيدا پێشنیار کرا کە عێراق ببێتە ((دەوڵەتێکی فیدرالی لەنێوان کوردو عەرەب کە دوو پایتەختی هەبێت یەکێکیان لە بەغداو ئەوی دیشیان لە سلێمانی...)) ئەوەبوو لە نیوەی سێپتەمبەری 1961 عێراق دەستی بە بۆمب باران کردنی ئاسمانی کردو لە ساڵی 1963 وەکو تاقیکردنەوە گازی کیمیایی بەکارهێنا، کە تەکتیکی دواییی پاش شکستی سوپایی بڵاوکردنەوەی ئەم گازە بوو لە ناوچە سنووریەکان کە چەندین گوندی ئێرانی بەرکەوتن و چەندین ئاژەڵیش.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەدات کە هەموو هەوڵەکانی حکومەت بۆ لە ناوبردنی پێشمەرگە بێ سوود بوون و ڕووبەرێکی فراوانی زەوی بە دەستی کوردەوە بوو کە نیمچە حکومەتێکیان هەبوو کە لە ڕووی کارگێڕی و سوپایی و ئابووریەوە ڕێک خرابوو...

سەبارەت بە پەیوەندیە دەرەکیەکانی بارزانی بۆ دابین کردنی هاوکاری بۆ شۆڕش ڕاپۆرتەکە دەڵێ ((مەلا مستەفای بارزانی بە ڕاستگۆیی هاوکاریی ڕۆژئاوای بە پەسەندتر زانیوە لە جێیەکی دیکە.. جا ئەو هاوکاریە لە هەر جێیەکەوە بووایەو لە شێوەی ڕێکەوتنی دۆستایەتیی درێژخایەندا.. لە کاتی دوورخستنەوەی بۆ سۆڤیەت ئەو کاتەی لە ئەکادیمیای سوپایی بوو پرۆژەیەکی ڕێکخست کە هێڵێکی هاتوچۆ گواستنەوەو پەیوەندی دابین بکات لەگەڵ کوردستاندا لەگەڵ ئەرمینیای سۆڤیێتی و بە ڕێگەی باکووری ئێرانەوە و باوەڕی وابوو کە سۆڤیەت هاوکاریی یاخی بوونەکەی دەکات.. لە دیسەمبەری 1960و تەنانەت لە جەنیوەریی 1961پێش ئەوەی بارودۆخەکە بتەقێتەوە بارزانی دەچێتە مۆسکۆو مەسەلەی نەتەوەیی کورد دەخاتە بەردەم حزبی شیوعیەوە، بەڵام بە هۆی ئەوەوەی حکومەتی عێراقی بەمەی زانی و سۆڤیێتی ئاگادار کردەوە ئەوسا پشتیان تێکرد))و بارزانی گەیشتە ئەو باوەڕەی کە سۆڤیەت ڕاستگۆ نییەو بەمەش متمانەی بە سۆڤیەت نەما.. لێرەوە سیاسەتی بارزانی گۆڕا بەوەی دەستی کرد بە بەجیهانیکردنی مەسەلەی کورد لە ڕێگەی ئەندام و سیاسەتمەدارە کوردەکانی دەرەوەو ئەم بزووتنەوە سیاسیەش لە ساڵانی 1960و 1965دا بوو، هەروەکو چۆن دەستی بە ناردنی نامەو نوێنەرانی خۆی کرد بەرەو دەرەوەی وڵات و گەیاندنی مەسەلەی کورد بە نەتەوە یەکگرتوەکان و خاچی سووری نێو دەوڵەتی لە ژنێف..

هەروەها ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە ((نوێنەرانی بارزانی لە نزیکەوە لە پەیوەندیدا بوون لەگەڵ ئەمریکا سەرەتا لە ڕێگەی کونسوڵخانەی ئەمریکا لە تەبریزو ئێران و پاشان لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران و بەغداو بارزانی بەلای کەمەوە دوو نامەی بۆ سەرۆک جۆنسون ناردوەو چەند نامەیەکیشی بۆ شا ناردووە.. لە ئەمریکاش بە شێوەی تایبەت لەگەڵ حکومەت کۆبۆتەوە بەتایبەتی دادوەر ویلیەم و دۆگلاس و چەندین ئەندامی کۆنگرێس و...هتد)) لە نێوانی ساڵانی 1963و 1964 ئەمریکا نیازی هەبوو هاوکاریی بۆ کورد دابین بکات لە شێوەی کەرەستەی بنیاتنان و خۆراک، بەڵام حکومەتی عێراقی توانی زۆربەی ئەم هاوکاریانە بۆ کەسانێکی کوردی نزیکی خۆی بگوازێتەوە. حکومەتی عێراقی لەو باوەڕەدا بوو ((کە مەلا مستەفای بارزانی تاقە سەرکردەیەکی کوردە کە لە توانایدایە گەلەکەی یەک خات و بەرەو یاخیبوونی چەکدارانەیان بەرێت)) بۆیە حکومەتی عێراقی کە لەوە شکستی هێنا بارزانی تیرۆر بکات ئەوا بە دووی ڕێگەی دیکەدا دەگەڕێت.



# ئەزمونی گەلانی جیهان لە گشتپرسیدا



**یاسین مەحمود چۆمانی***

لە ڕێکەوتی (25 ئەیلولی 2017 ) سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بریاری ئەنجامدانی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی ڕاگەیاندووە، وەک میکانیزمێکی دیمۆکراسی و تەبا لەگەڵ ڕێسا و بنەما گشتیەکانی پەیماننامە جیهانییەکانی بواری مافی مرۆڤ.

ئەزموونە جیهانییەکان سەلماندوویانە ئەو وڵاتانەی کێشەی ئیتنی و ئاینی و نەتەوایەتیان هەبوویێت، ریفراندۆم و ئازادکردنی گەل لە دەربڕینی ڕای خۆیان بۆ دیاریکردنی چارەنووس، باشترین ڕێگاو میکانیزم بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان هاوڵاتیان و دروستکردنی سەقامگیری سیاسی و ئابووری زیاتر و ڕێگریکردن یان کۆتاییهێنان بە شەڕو ئاژاوەو دووبەرەکی.

هەوڵ دەدەین نمونەی چەند دەوڵەتێک یان نەتەوەیەکی جیهان باس بکەین کە بۆ دیاری کردنی مافی چارەی خۆنوسین، پەنایان بۆ میکانیزمی گشتپرسی بردبێت. لە نێو نمونەکاندا دەرئەنجام و شێواز و بارودۆخی جیاواز دەبینرێن، بۆ ئەوەی ئێمەی خەڵکی کوردستان کە لە وادەی ئەنجامدانی ریفراندۆم نزیک دەبینەوە، ئاشنابین بە ئەزمونە جیاوازەکانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کەلەجیهاندا ئەنجام دراون.

### سکۆتلەندا

سکۆتلەندا دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای ئەوروپا، لە ساڵی 1707 بەپێی بڕیارێک کە پێی دەوترا (یاسای یەکریزی) خراوەتە سەر بەریتانیاو، لەگەڵ هەرسێ هەرێمی ئایرلەنداو وێلزو بەریتانیا، شانشینی یەکگرتویان پێکهێناوە، لە ساڵی 1997 دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمێک شێوە سەربەخۆییەکی وەرگرتووەو لەڕووی ئابووریەوە هەرێمێکی دەوڵەمەندە. هەرچەندە بەریتانیا وڵاتێکی تەواو دیموکراسییە و دەستوورو یەکسانی و مافی مرۆڤ و دادپەروەری تێیدا تەواو بەرجەستەیەو لەندەن مافی تەواوی بە سکۆتلەندا داوە، لەگەڵ ئەوەش سکۆتلەندییەکان هەمیشە لە بیری دروستکردنی وڵاتێکی سەربەخۆدان، بۆیە بەریتانیا وەک وڵاتێکی دیموکراسی سەرەڕای نیگەرانییەکانی لە جیابوونەوەی سکۆتلەندا، مافی تەواوی داوەتە دانیشتوانی ئەم هەرێمە بۆ ئەوەی بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن.

بەپێی ڕێککەوتنێک کە لەنێوان حکومەتی ناوەندو حکومەتی سکۆتلەندا مۆر کرابوو، ناوەند ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم بەمەبەستی جیابوونەوە، سەرەڕای ئەوە حکومەتی بەریتانیا لەچوارچێوەی یاساو پابەندبوون بە پرەنسیبەکانی دیموکراسی بانگەشەیەکی سەرکەوتووی ئەنجامدا بۆ ئەوەی بە سکۆتلەندییەکان بلێت خێر لە یەکێتییەکی ڕاستەقینەدایە نەک جیابوونەوە، لە 18ی ئەیلولی 2014 ریفراندۆمی جەماوەری لە سکۆتلەندا ئەنجامدرا بۆ ئەوەی خەڵکی سکۆتلەندا بڕیار لەسەر سەربەخۆیی خۆیان یان مانەوەیان لە چوارچێوەی شانشینی بەریتانیا بدەن، لە کۆتاییدا 52%ی دەنگدەران دەنگیان بۆ مانەوە لەگەڵ شانشینی بەریتانیادا، و لە 48%یشی لەگەڵ سەربەخۆیی بوون، لەکاتێکدا بەپێی سیستەمی ریفراندۆمەکە بۆ مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی پێویستی بە زیاتر لە 50%ی دەنگەکان هەبوو.

دوای تێپەربوونی نزیکەی سێ ساڵ بەسەر ریفراندۆمەکەی سکۆتلەندا، دوای ئەوەی لە ڕاپرسیەکی گشتیدا هاوڵاتیانی شانشینی یەکگرتوو بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری چونەدەرەوەیان لە یەکێتی ئەوروپا پەسەند کرد، جارێکی تر پەرلەمانی هەرێمی سکۆتلەندا بە زۆرینەی دەنگ پێشنیاری ریفراندۆمی دووەمیان بۆ هەرێمەکەیان پێشکەش بە حکومەتی ناوەند کرد، 

کە لە پێشنیارەکەیاندا هاتووە داوا دەکەن بۆ جاری دووەم لە کۆتایی ساڵی 2018 یان لە سەرەتای ساڵی 2019 ریفراندۆم ئەنجام بدەنەوە، بە بیانوی ئەوەی هەرێمی سکۆتلەندا لەگەڵ بڕیاری جیابونەوە نەبووە لە یەکێتی ئەوروپا، بەڵام حکومەتی ناوەند بە بیانوی نەگونجانی کات لە ئێستادا پێشنیارەکەی هەرێمی سکۆتلەندای قبول نەکردووە، تا ئێستاش حکومەتی سکۆتلەند بەردەوامە لە فشارەکانی بۆ سەر حکومەتی ناوەند بە مەبەستی قایل کردنی بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە.

دەرئەنجامی ریفراندۆمی تایبەت بە سەربەخۆیی سکۆتلەندا بە مانەوەی لەناو شانشینی بەریتانیا کۆتایی هات، بەڵام سکۆتلەندا ئومێدی سەربەخۆیی بۆ چەند هەرێمێکی تری ئەوروپا دروست کرد، لەوانە هەرێمی کەتەلۆنیاو باسک لە وڵاتی ئیسپانیا کە چاوەڕێ دەکەن هەلێکی هاوشێوەی سکۆتلەندا بەوانیش بدرێت، هەرچەندە ئیسپانیا وەک بەریتانیا ئازاو چاونەترس نابێت بۆ بڕیارێکی لەم شێوەیە، بەڵام کەتەلۆنییەکان زیاتر ئارەزووی سەربەخۆبیان هەیەو، پێشتر لە خۆپیشاندان و کەمپینە جیاوازەکان سوربوونی خۆیان نیشان داوە بۆئەوەی بە خەونی سەربەخۆیی بگەن.

هەروەها وێڵز یەکێک لەو هەرێمانەی خواستی سەربەخۆیی تێدا هەیە و ئێستا وەک هەرێمی سکۆتلەندا بەشێکی شانشینی بەریتانیایەو داوا دەکات وەک سکۆتلەندا گشتپرسی بۆ ڕێکبخرێت، هەرچەندە وێڵز هاوشێوەی سکۆتلەندا ژێرخانێکی بەهێزی نییە. لە لایەکیتر لە وڵاتی بەلجیکاش ویلایەتی فلاندرزی هۆڵەندی زمان داوای جیابونەوەی کردووە، هەرچەندە لەم قۆناغەدا پێناچێت دەنگی جیابوونەوە زیاتر بێت، بەڵام ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیک ئەم دەنگە وەک واقعێکی سیاسی نوێ دەربکەوێت.

*** مامۆستای زانکۆ**